# ڕواڵەتە نوێکانی شیعر لە دیوانی(شەیتان) ی (ئەنوەر مەسیفی) دا

**بەختیار ئەحمەد مەحموود**

**بەشی تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن،کۆلێژی تەکنەلۆجی هەولێر،زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر،کوردستان،عێراق**

**پوختە**

یەك لە حاڵەتە زەقەکانی ئەدەبی هاوچەرخی کوردی فۆرمی گرانی (ئەنوەر مەسیفی) یە، مەسیفی دوای خوێندنەوەیەکی زۆری بۆ فەلسەفەی دادایزم و خوێندنەوەی بۆ واقیعی ئەو(30) ساڵەی کۆتایی تەمەنی لە کوردستان، گەیشتۆتە ئەوەی واقیعی کوردستان ڕووبەڕووی بارێکی دیکەی تازە بۆتەوە کە عەقڵ تێیدا ونە یاساش کاری پێ ناکرێ، خەڵك لە یەکتری تێ ناگات، ئەم واقیعەش بەهەمان واقیعی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی یان ڕۆژانی شەڕی جیهانی ئەوروپای چوواندووە، هەستی کردووە ئەم دوو واقیعە لە ڕووی زۆری کێشەکان و نەبوونی ڕێگە چارەی گونجاو بۆ چاککردن لە یەکچوونە، بۆیە هاتووە هەروەکو دادایەکان تعبیری کردووە لە واقیعی وڵاتەکەی خۆی، بەمەش شیعرەکانی چونکە ئاوێنەی دادایزمن لە ئەدەبی کوردیدا وەکو فۆرمی گران و ئاڵۆز کەوتونەتە بەرچاو چونکە هەموو بنەماکانی ئیستاتیکای شیعری پێشوویان ڕەتکردۆتەوە .

**وشە کلیلەکان:** فۆرمی گران، زمان ئاڵۆزی، کێشی شکاو، سەروای ونکراو.

## 1. پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی: ڕواڵەتە نوێکانی شیعر لە دیوانی(شەیتان) ی (ئەنوەر مەسیفی) دا، هەوڵدراوە تیشك بخرێتەسەر شیعرەکانی لە بارەی فۆرمی گران، هاوچەرخایەتی لە ئەدەبی کوردی و تارماییە نوێکانی دیوانەکە.. بە لە بەرچاوگرتنی پەیوەندی و بەراوردکرنی تێکستە شیعرییکان لەگەڵ ڕێبازی دادایزمی ئەوروپیدا.

ئەم توێژینەوەیە لەسەر ڕێبازی (وەسفی پڕاکتیکییە).. کە دابەشکراوەتە سەر دوو بەشی سەرەکی کە دە تەوەر لە خۆدەگرێت، لەگەڵ ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و دوو پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.
بەشی یەکەم: بریتییە لە هەندێ پێناسی گرنگ کە لەپێنج تەوەر پێکهاتووە.. ناسینی دادایزم.. ژیاننامەی شاعیر..کارەکانی لەلەبارەی فۆرمی گران.. پەیوەندی نێوان فۆرمی گران و دادایزمی ئەوروپی..کورتەیەك لەبارەی دیوانی شەیتاندا.
بەشی دووەم: تایبەتە بە تارماییە نوێکانی شیعر لەو دیوانەدا، کە پێنج تەوەر لەخۆ دەگرێت. بریتین لە: تێکدانی زمان..تێکدانی کێشی شیعر.. تێکدانی سەروا..کوشتنی پەیام..پێوەری ڕەخنەی کۆن. دوابەدوای ئەمانە توێژینەوەکە گەیشتۆتە کۆتایی و گرنگترین ئەنجامەکان لە (4) خاڵدا کورتکراوەتەوە، ئینجا لیستی پەراوێز و لیستی سەرچاوەکان بەدوای یەکتردا ڕیزکراون، جگە لەمانەش دوو پوختەی توێژینەوەکەش بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتە پاشبەندی توێژینەوەکە.

بەو هیوایەین توانیبێتمان بەشدارییەکی بچوکمان لە ئەرك و پێداویستییەکانی فەرهەنگ و زمانی کوردی کردبێت، خزمەتێکیشمان بە بواری لێکۆڵینەوەی زانستی و ڕەخنەی ئەدەبی گەیاندبێت .

## 2. بەشی یەکەم \ هەندێ پێناسی پێویست

### 2.1 لە بارەی دادایزم:

دادا یاخود دادایزم، بزووتنەوەیەکی مۆدێرنزمە، کۆنەپەرستانەیە و دەکرێ وەك نارەزایەتییەکی بەرچاو ببینرێت بەرامبەر پێکەوەبەستنی کولتووری پێکەوەژیانی

مجلّة پۆلیتكنیك للعلوم الإنسانیة والإجتماعیة
المجلد 1، العدد 2 (2020)
أُستلم البحث في 26 ینایر 2020؛ قُبل في 12 آذار 2020
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 18 كانون الاول 2020
البرید الإلكتروني للمؤلف: bakhtiyar.mahmood@epu.edu.iq
حقوق الطبع والنشر © 2020 بەختیار. هذه مقالة الوصول الیها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبیة - CC BY-NC-ND 4.0

کۆمەڵایەتی.

دادایزم یەکەم شکانی خودئاگایانەیە بە بەردەوامی کولتووری بۆرژوازی لە رووی ئایدیۆلۆژییەوە. دژ وەستانی هونەری تاکەکەسییە بەرامبەر ئەو کۆمەڵگەیەی کە جەنگی جیهانی یەکەم دروستی کرد. لە کاتی شەڕی جیهانی یەکەم(1914-1918) و لە ئەنجامی کارەسات و مەینەتییەکانی شەڕ، جولانەوەیەکی ناڕەزایی بەناوی (دادایزم) ەوە سەریهەڵدا.((ڕێبازێکی ئەدەبی و هونەری لە ساڵی 1916بەڕابەری تریستان تزارا(Tristan Tzara) بەیاننامەی (دادایزم)ی لە زوریخ لە سویسرا ڕاگەیاند)).{مصطفی، 1998: 80}. ژمارەیەك لە ئەدیب و نووسەر و بیرمەندان، کەخۆیان دووره پەرێز گرتبوو لە شەڕی جیهانی یەکەم، بانگەوازی ڕەتکردنەوەی هەموو نەریت و دیاردەکانی ژیان و گاڵتەجاڕی بە سیاسەت و ڕەوشت و ئەدەبەوە ڕاگەیاند ،کارەساتی جەنگ وایکردبوو کە سیاسەتێکی ناعەقڵانی بگرنەبەر و داوای یاخیبوون و رووخانی بەهاکانیان دەکرد، مەبەستیان گەڕانەوەی ژیانی سەرەتایی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بووە، لە کارە ئەدەبی و هونەرییەکانیشدا هیچ بەهایەکی مرۆڤایەتییان بە ئەدەب نەدەگەیاند.

وشەی (دادا): ((هیچ مانایەکی نییە، بەڵکو مانا لە دەنگدایە دەرهێنانی فیکر و بیریش لە زارەکیدایە نەك لە عەقڵدا)). {الحمدانی، 1989: 316}. دادا(DADA) بەزمانی منداڵان لە زمانی فەرەنسیدا واتە(وڵاخ) یان(ئەسپ). ژان ئارب (Arp) کە یەکێکە لە هونەرمەندە نیگارکێشە دادایستە ناودارەکان دەڵێ: ((من گەواهی دەدەم کە تریستان تزارا بۆ خۆی لە کاتژمێر 6ی ئێوارەی ڕۆژی 8\2\1916 وشەی دادای دۆزیەوە، خۆم و هەر پێنج منداڵەکانم لەوێ بووین کاتێ تزارا ئەم زاراوەیەی بە زماندا هات و ئێمەی هەموو شاگەشکەکرد)).{لارووسی،1981: 399}. ئەم گرووپە هەموو پێوەرێکی ئایدیۆلۆژی و ئیستاتیکیی سەردەمەکەی خۆیان ڕەفز دەکردەوە، دەیانویست بێهودەیی و بێ واتایی و ناماقوولێتیی سەردەمە پڕجەنگەکەی خۆیان دەربڕن. هەموو شێواز و تەکنیك و ئامرازە کۆن و باوەکانی دەربڕین بخەنە ژێر پرسیارەوە.. دادایزمەکان لەکارە هونەری و ئەدەبییەکانیاندا، نەیانتوانی هیچ بەهایەکی باش بە هونەر و شاکاری هونەری ببەخشن. دادا خۆی هیچی ناوێ، (هیچ) دەیەوێ شتێ بکا بۆ ئەوەی جەماوەر بڵێت هیچ تێناگەین، هیچ، هیچ،هیچ شتێ..ڕێبازی دادایەکان هیچ پێشکەش ناکەن. فلیپ سۆپۆی فەرەنسی دەڵێ: ((شەپقە بە دەستەوە بگرە چەند وشەیەك هەریەك لە پارچە کاغەزێکی بچووك بنووسە و بیانخەنە ناو شەپقەکەوە، ئینجا یەك لە دوای یەك دەریان بهێنە و چۆن کەوتنە دەستەوە تۆماریان بکە، بەمە شیعری دادا دەنووسرێت)).{اسماعیل، 1967: 58}

ئاشکرایە ڕێبازی دادا پڕ لە فشەو گاڵتەجاڕی بۆ درێژەدان نەبوو، هەروەك لە ساڵی 1920دا هەڵسووڕێنەرانی بە ئاشکرا ڕایانگەیاند، کە ڕێبازی دادا دژی ئەدەب و کۆتایهێنانی ئەدەبە. ڕاستە ئەم ڕێبازە لە دنیای ئەدەبدا دەرکەوت ، بەڵام لە بنەڕەتدا جولانەوەیەکی فەلسەفی گاڵتەجاڕی بوو، کە بۆ ڕەخنە لە دۆخی ژیان و شەڕ و دوای شەڕ، بە تایبەتی بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ بانگەشەکارانی ئەدەبیات هاتبوونە مەیدان و هەموو شتێکیان ئینکار دەکرد. هەر بۆیە ئەوان بەم جۆرە بێسەر و بەر و فەوزایەوە لە فیکر و بەرهەمەکانیان دەیانویست بە خەڵکی بڵێن سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی، سیستەمی ئایینی(کڵێسا) لە ئەورووپا تێکچووە، بۆیە ئەو هەموو شەڕانە بەرۆکی گرتوون، واتە پەیامی وان لەناو ئەدەبەکەیان نەبوو، لە دەرەوەی ئەدەب کاریان دەکرد، کەئەمەش ڕوحی دادایزمە. قسەکردن لەسەر دادایزم زۆرتر هەڵدەگری، بەڵام لەبەر سنووری توێژینەوەکە بە باشی دەزانین لێرە بیبڕینەوە. (*)

(*): بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:1- رچا سید حسین، مکتبهای ادبی جلد اول و دوم، موسسهانتشارات نگاه، چاپ یازدەم، تهران، 1381،ص: 751. 2- ڕێبازە ئەدەبییەکان: ئامادەکرن و وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە: د. فەرهاد پیرباڵ، دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر،لا:312-348. 3- د.هەمیداد حوسێن، ڕێبازە ئەدەبییەکان، دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر،2007 لا: 211-214. 4- د.عەبدولقادرحەمەئەمین محەمەد،ئەدەب و ڕێبازەکانی ئەورووپی- کوردی، چاپخانەی پەیوەند، چاپی یەکەم، سلێمانی،لا:171-172.

## 2.2لەبارەی ئەنوەر مەسیفی:

ئەنوەر ناوی تەواوی (ئەنوەر حوسێن حەسەن)ە. لە ساڵی 1955 لە گوندی کۆڕێی سەر بە شارەدێی پیرمام هاتۆتە دونیاوە. خوێندنی سەرەتایی لە خوێندنگەی (سەلاحەدین) لە پیرمام تەواوکردووە، بۆ
تەواوکردنی خوێندن ڕووی کردۆتە شاری هەولێر و لە قوتابخانەی(ناوەندی کۆماری) خوێندنی ناوەندی تەواوکردووە، دواتر لە (پەیمانگەی مامۆستایان) وەرگیراوە و بە سەرکەوتوویی تەواوی کردووە.

لە ساڵی 1974 ژیانی هاوسەری پێکهێناوە و خاوەنی حەوت منداڵە.

لە ساڵی 1972 دەستی بە کاری نووسین کردووە، لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کوردستان بابەتی ئەدەبی بڵاوکردۆتەوە، جگە لە شیعر نووسین لە بوارەکانی ڕەخنەی ئەدەبی و وەرگێڕان و شانۆنامە و بابەتی ئەدەبی جۆراوجۆری بڵاوکردۆتەوە.

ئەندامێتی لە زۆربەی ڕێکخراو و سەندیکاکان هەبووە وەك:
- یەکێتی نووسەرانی کورد .
- سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان .
- دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (نووسەری نوێ) .

بەڕێوەبەری نووسین بووە لە گۆڤاری (ئاسۆی پەروەردەیی) کە لە وەزارەتی پەروەردەوە دەردەچوو.

خاوەنی کۆمەڵێك دیوان و بڵاوکراوەی ئەدەبییە وەك:
- دیوانی خۆرباران – شیعر 1978
- ______ جاریکیتر خۆرباران شیعر 1984
- ______ جلوبەرگ و جمکەکان – شیعر 1990
- ______ شەیتان- شیعر2002
- پیرەمێردێك بۆ فرۆشتن- شانۆگەری 2003
- ئەو گۆرانییەی نەمگوت- شیعر 2006
- سێ فۆرمی گران 2006

ئەنوەر مەسیفی لە ناو کۆمەڵگەیەکی ئەوەندە جەنجاڵی لێکدژی سوریالی و ماناکانی نێوان کاسبی و شیعر،تەسبیح و خەیاڵ، بایەع و بەهرە، بێ بایەخبوونی مرۆڤ ژیاوە، هەر بۆیە بووەتە شاعیرێکی تا سەر ئێسقان نوێخواز، بیرکردنەوەیەکی تایبەتی بەرامبەر شیعر هەیە، باوەڕی هەر بە واتای شیعر نییە،خەسڵەتی مەسیفی زۆر بێباکە و خۆی لە(جورئەت) دەبینێتەوە لای ئەو فۆرمخوازی گەیشتە ڕادەی زمان پەرستی. هەروەك تاهیر دەڵێ: (( مەسیفی دەیویست بگاتە شیعری موجەڕەد و ڕووت، لای ئەو عەقڵی مرۆڤ مانا دەبەخشێتە دیاردە و شتەکان، عەقڵ کە

دوژمنێکی مێژوویی و ئەزەلی شیعرە، لای ئەو ماناکان بەرهەمی عەقڵن کە بەرائەتە بەراییەکانی شتەکان دەشێوێنن، دەنا ڕەنگی نارنجی مانای چییە؟ کەواتە شاعیر دەبێتەوە ئەو منداڵەی کە عەقڵ زاڵنییە بەسەر دەست هاویشتەکانی جا ئاوێ، یان ئاگر، شاعیر چەشنی منداڵ نابێتە قەپانی ماناکانی).{تاهیر، 2005: 8}.

مەسیفی ئازادی تا مەستبوون دەداتە زمان و فۆرمی شیعر، چونکە گەر لە هەموو بوارەکانی ژیان ئازادی سنوور و تخوبی هەبێت، بەڵام لای ئەو لە شیعردا هیچ سنوورێك بوونی نییە. مەسیفی لە شارەدێی (پیرمام) دەژیا، دووربوو لە پایتەخت و دەستەی نووسەران و شاعیران، هەر ئەو دوورە پەرێزییەی بووەتە هۆکاری تاکرەوبوونی و بیرکردنەوەی جیاواز لە شاعیرانی سەردەمی خۆی،پیربال دەربارەی مەسیفی دەڵێ: (( شاعیرێکی نوێخوازی ئەوتۆبوو بە پێچەوانەی زۆربەمان، نەلاسایی کەسی دەکردەوە نەکەسیش دەیتوانی لاسایی ئەوبکاتەوە)). {پیربال، 2005: 13}.

دادایزمی ئەوروپی زادەی بێزاربوونیان بوو لە شەڕەکان و بێ نرخبوونی مرۆڤەکان، بەڵام مەسیفی بێزاربوو لە بێ نرخبوونی شیعر و نەمانی وەکو پەیامێکی پاکبوونەوە لە کوردا، ئەمەش هۆکارەکەی ئەوەبوو زۆربەی شاعیرانی سەردەمەکەی شیعرەکانیان تێکەڵ پرۆژەی دەسەڵات دەکردەوە، تەکنیکە نوێکانی شاعیر تازەن لە تەکنیکی هیچ یەکێك لە شاعیرانی پێش خۆی و هاوڕێکانی ناچن، جیاخوازی شاعیر گەیشتە ئەوەج، یەکەمین شاعیری کوردە ویرایێتی مانیفێستی شیعری تایبەت بەخۆی و سەربەخۆ بەناوی (سێ فۆرمی گران) (*)لە دیوانێکدا کە سێ مانیفێست لەخۆدەگرێت بڵاوبکاتەوە .

### 2.3 کارەکانی لەبارەی فۆرمی گران(هاوچەرخایەتی لە ئەدەبی):

سەرەتای شیعرەکانی ئەنوەر مەسیفی لە دیوانی خۆرباراندا ( 1978) شیعرەکانی شیعری ئاسایی بووهەروەکو شیعری پەشێو لەتیف هەڵمەت و ئەوانیتر، بەڵام لە بەرهەمەکانی دیکەدا کە بیروباوەڕی فەلسەفیانەی بۆ شیعر گۆڕانی بەسەرهات، ناوەرۆك و فۆرم و روخسار و زمانی شیعرەکانیشی گۆڕانی بەسەر داهات ، بۆیە جارێکیتر خۆربارانی ساڵی 1984 نووسییەوە،بەڵام شیعرەکانبەهەمان ڕیتمی خۆرباران نە نووسرابوون، دواتر کە لە ساڵی 1990 جل وبەرگ و جمکەکانی نووسیجیاوازتر بوو لەوانی پێشووبەرەو زمانێکی نادیار و ئاڵۆزبەرەو فۆرمێکی بێ مۆسیقایی نا ئەندازەیی ڕۆیشت، ترۆپکی ئەم گۆڕانکاریانەی لە دیوانی(شەیتان) کەوتە بەرچاو کە لەوەی دوایندا گەڵێ لە ڕستەکانی بەبێ فرمانێ کێش و سەروان، بە هەق مێشك ماندوودەکەن و فۆرمی گرانن.

بۆ نموونە لەشیعری(ژنێکی ئالی جل و بەرگ شیر) {لا: 29}دەڵێ:

پیاوە بە کەزییەکان کەونیان
لە ئاو هەڵکێشا
هەروەها سەی سپی
تەماشای ساقۆی من دەکا
پیاوە بە کەزییەکان
چەکیان لە مانگ تاشی
پیاوە بە کەزییەکان
کەونیان لە سەی
سپی تاشی
پیاوە بە کەزییەکان
تەمبوور قوریان لە
ساقۆی من تاشی
سەی سپی هەروەها
مانگ هەروەها
تەمبوور قوڕ هەروەها
کەون هەروەها
چەك هەروەها
پیاوە بە کەزییەکان هەروەها
ئاو هەروەها

### 2.4 پەیوەندی نێوان فۆرمی گرانی ئەنوەر مەسیفی و دادایزمی ئەوروپی:

دادایزمەکان هەموو پێوەرێکی ئایدیۆلۆژی و ئیستاتیکای سەردەمەکەیان ڕتدەکردەوە، نیازیان وابوو بێ هودەیی و بێ واتایی و نا ماقووڵیتی سەردەمە ئاشوب و جەنگەکەی ئەوروپا دەربڕن، هەموو شێواز و تەکنیك و ئامرازە کۆن و باوەکانی دەربڕین بخەنە ژێر پرسیارەوە، ئەم کۆمەڵە نووسەر و هونەرمەندەی دادایەکان، جۆرە شیعرێکیان دەخوێندەوە و جۆرە شانۆگەرییەکیان پێشکێش دەکرد و جۆرە ئاوازێکیان لێدەدا، کە هەمووی گاڵتەجاڕی و سووکایەتی و پێکەنیناوی بوو بە ژیان و مرۆڤ و بە ئاواتەکانیان. دەربڕینەکانیان ڕووخاندنی باوەڕی مرۆڤ بوو، چجای ڕووخانی شاکاری ئەدەبی و هونەریش بوو، دامەزرێنەرانی ئەم ڕێبازە تەنیا لەیەك بۆچووندا هاوبەشبوون ئەویش نەفیکردنی دونیا و فەلسەفەی مەوجودبوو، واتە دونیا بناخەی لەسەر شەڕ و ئینسانکوژی دامەزراوە و بانەکەشی بە پوش و پەڵاشی عەقڵ داپۆشراوە. دادایەکان زانست و ڕەوشتیان ڕەد دەکردەوە، دەستووری بێشەرمیان پەیڕەو دەکرد، هەروەها بەرنامەکانیان سازدانی ئاژاوەیەك بە دوای ئاژاوەیەکی دیکەدا و هەوڵیان دەدا فەوزایەك لەناو زمان و زمانی دەربڕینی شیعردا بەرپابکەن.کەواتە ئەو نووسەرو هونەرمەندانە بە توڕەیی و بێزاببوونیان سەرکێشیان دەکردە سەر هونەر و ئەخلاق و کۆمەڵ، کەواتە نابێ چاوەڕوانی ئەوەیان لێبکرێت، کە لە بەرهەمەکانیان بگەین، چونکە بناغەی دروستبوونی ڕێبازەکە لەسەر ئاڵۆزی و ڕەتکردنەوەی هەموو شتێکی مەعقوول دروستبوو، نووسەر تریستان تزارا، کە دامەزرێنەری ڕێبازەکەیە دەڵێ ئێمە شتێك دەڵێین کە خۆمان لە مەبەستەکەی ناگەین، جا ئەگەر خۆیان تێنەگەن ،چۆن خوێنەر لە بەرهەمەکانیان دەگات! ئەنوەر مەسیفی ئەفکاری فۆرمە گرانەکانی شیعرەکانی لەو ڕێبازە وەرگرتووە، کاریگەرییەکەش لە شیعرەکانی ڕەنگیداوەتەوە. هەروەك لە شیعری (قەشە بارمەنەکان). {مەسیفی.2005: 50} دەڵێ:

گافرۆش ئاسنەکانی
گیایان بە ئاسنەکانی
مانگ دادا
گافرۆش مووی سپی

(*) : ئەنوەر مەسیفی، سێ فۆرمی گران، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، 2006

هاویشتە بووداکان
لە بوودادا
ئاسنەکانی گیا
لە قەشە بارمەنەکانی
گافرۆش ئاسنەکانی گاتا

ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین شیعرەکە هیچ واتا و پەیامێکی نییە، تەنیا وشەی نابەجێ و بێسەرو بەری شێواو کە سەر لە خوێنەر و بیسەر تێکدەدات. شاعیر ئەفکارەکانی فۆرمی گرنی کت و مت لە شیعرە دادایيەکانی وەرگرتووە و وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. لەنموونەیەکی دیکەدا شاعیر لە شیعری( پەرداخێك ژن و پیاوی قەمبوور). {لا:26}. وشەی (گالا)ی دوازدە جاران دووبارە کردۆتەوە کە دەڵێ:

مووی قەمبووری دا گالا
گالا
گالا
گالا
گالا
گالا
گالا
گالا
گالا
گالا
گالا
گالا
گالا

ئەم شیعرە ڕێك وەکو ئەو شیعرەی تریستان تزارا(Tristan Tzara) یە کە وشەی (Hurle) واتە (وورژژ) (275) جار دووبارەبۆتەوە بە دوای یەکتردا هاتوون، کەواتە شاعیر فۆرمەگرانەکانی لە شیعرەکانی ئەو فەوزا زمانییەی دادایزمەوە وەرگرتووە.داداییزمیش بەهۆی ئەو جەنگ و شەڕە گەورەیەی جیهانی یەکەم کە سەراپای ئەوروپای گرتبۆوە، لە داخ و خەفەتی کوشتن و کۆمەڵکوژی و بێ بەهاوبوونی مرۆڤ پەنایان بردە بەر ئەو شێوازە دەربڕینە، بۆیە پەیامەکەیان لەناو ئەدەب نەبوو بەڵکو لە دەرەوەی ئەدەب ، دەیانویست بەم فەوزا و بێ سەرو بەرییە زمانییە بە خەڵك بڵێن دونیا بەرەو وێرانە دەچێ و کەس بەکەس نییە، کە ئەمەش بێ هیوایی و عەبەسیەتە، بێ هیوایی و فەوزا و ئاژاوەش ئامانج و مەبەستی ڕێبازی دادایزمە.

### 2.5 لە بارەی دیوانی (شەیتان) ی ئەنوەر مەسیفی:

دیوانی شەیتان، کۆمەڵە شیعرێکی فۆرمی گرانە لە دووتوێی (79) لاپەڕەدا، بەقەبارەی (23سم 16سم) لە ساڵی 2003 دا لە وەزارەتی پەروەرردە لە شاری هەولێر چاپکراوە. کە لە (20) پارچە شیعردا پێکهاتووە، بریتین لە: دا،پێڵاو، ئایینێك بۆکەس نا، ئۆپێرای گا، بابانە مسەکانی باخ، خوێیەکان، ژێنکی ئالی جل و بەرگ شیر، شەیتان، پەرداخێك ژن و پیاوی قەمبوور، وێنەکانی کاهینی مانگ، زارا بادەدا، قولغەکان، قەشە بارمەکان، گوڵی لاهوتی، شا لالش شا،ئاسنە ئیشارەت، کەڵەبابی سپی، گیا لە گیا، کافرشا، ئاسنە ئیشارەت، کەسك .

## 3. بەشی دووەم

### 3.1 تارماییە نوێکانی شیعر لەو دیوانە:

کە سەرنج دەدرێتە شیعرەکانی ئەم دیوانە لێکدژی و ئاڵۆزی و تەگەرەکی زۆر هەست و هۆشی بیسەر دەشێوێنێ، بەشێوەیەك کە نە وشە و ڕستە و زمانەکەی بە شێوەیەکی دروست لە شوێنی خۆیدا بەکارهاتووە، نە پابەندە بە کێش و ڕیتم و سەرواش، کە بە هیچ شێوەیەك لەنگەری نەگرتووە لەسەر هاوکێشە و پێیە شیعرییەکان، بەڵکوو هەمووی ئاوەژووە، بۆیە زۆر بە زەقی هەست بە فەوزای زمان و وشەو ڕستە دەکرێت، چجای نەبوون و تێکدانی کێش و سەرواو مۆسیقای شیعریی .وا لەخوارەوە بە وردی تیشك دەخرێتە سەر هەموو ئەو تارماییە نوێیانە:

#### 3.1.1 تێکدانی زمان: تێکدانی(سینتاکس):

هەر شیعرێك یاخود هەر نووسینێکی ئەدەبی ئەگەر ڕەچاوی لایەنی ڕستەسازی نەکرێت، واتە بونیادی وشە و ڕستە ئەگەر لە شوێنی دروستی خۆی بەکارنەهێندرێت، هەڵبەت شیعرەکە یان نووسینەکە لەنگ و بێ مانا و بە نادروست هەژمار دەکرێت، لەو ڕوانگەیەوە شیعرەکانی دیوانی (شەیتان) بە هیچ شێوەیەك پابەندی سیستەمی سینتاکس نەبووە، هەر بۆیە لە کاتی خوێندنەوەدا خوێنەر هەست بە نائارامی و ئاڵۆزی دەکات و هەست و بیری دەشێوێنێ.

بۆ نموونە لە شیعری (زارا بادەدا ){مەسیفی، 2005: 42}.دەڵێ:

باوڵە مووەکانی
کۆبرای لاهووتم
لەناو بانیۆکانی زارا دانا
کاهینی سپی کۆبرا
لە سەرەتا نەهات
زارا لە ناو بانیۆکانی
کۆبرا بۆ کۆبرا بادەدا
کاهینی سپی زارا
مووەکانی زارای
لاهووتی لە ناو
بانیۆکانی کۆبرا کرد
کاهینی سپی کۆبرا
لە ناو بانیۆکانی
زارا بۆ کاهینی
سپی زارا بادەدا

دەبینین زمانەکە بە تەواوەتی شێواوە، هیچ لە وشە و ڕستەکان بە دروستی لە شوێنی خۆیاندا بەکارنەهاتوون، یاساکانی وشەسازی و ڕستەسازی زمانی کوردی کە مەرجە دەبێت بکەر +بەرکار+کار بەدوای یەکتردا بێت.کەچی سەراپای شیعرەکە پابەندی یاسانەبووە، کە ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی زمانەکە شێواو بێ و بیرو هەستی خوێنەریش تێکبدات.

له نموونەیەکی دیکەدا لە شیعری(قوڵغەکان){لا: 47} دەڵێ:

قوڵغێکی پڕ
ئاسن شکا
واتە قەڵغێکی
پڕ شمشێر شکا
قوڵغێکی پڕ
پایز شکا
واتە قوڵغێکی
پڕ ڕەنگ شکا
قوڵغێکی پڕ
ئایین شکا

ئەم شیعرەش هەست بە هیچ وێنەیەکی واقیعی ناکەی، لە کاتی خوێندنەوەدا بیرت دەشێوێنێ، بۆیە هیچ ئەنجامێکی بەرجەستەکراو نادات بەدەستەوە.

لە شیعری ( شا لالش شا) دا{لا: 59}دەڵێ :

فۆرمە کافرەکانی
لەشکری عەبا
شەرابم دا
ئەسپە سفر
خۆرەکانی
ژنێکی ئۆپێرا
شا
لا
لش
شا

لەم شیعرە، سەرنج بدە..کوا زمان.. کوا سینتاکس..کوا بیر.. کوا واتا.

لە نموونەیەکی دیکەدا لە شیعری( ئاسنە ئیشارەت). {لا: 76}. دەڵێ:

پیاوێك سروشتی
هاوێشتە ژنێك
سروشت بەخواری
جوانی دا

شیعرەکە تەنیا ئەم دوو دێڕەیە.. کەچی هیچ واتایەکی نییە، هەندێ وشەی ڕووت و دركاوی نادیاری واتا خراوەتەڕوو، بە بێ ئەوەی هیچ ماناو واتایەك بەرجەستەبکات.

### 3.1.2 تێکدانی کێش:

ئاوازی دەرەوەی شیعر لە سیستەمی کێشەوە سەرچاوە دەگرێت، کێش ئەدەب دەکاتە دووبەش ئەویش شیعر و پەخشانە، بە پێی پێوەرەکانی ڕەخنەی کۆن جیاوازی بەرچاو لە نێوان شیعر و پەخشاندا (کێش) ە. ((کێش و ئاوازی شیعر ڕەگەزێکی گرنگی شیعر پێکدێنن)).{ گەردی، 2014: 5}. کەواتە لە پێناو هاوسەنگکردنی مۆسیقا و ئاوازی شیعری پەنا بۆ کێش واتە هاوسەنگی چەندایەتی دەنگ و بڕگە دەبەن. کەواتە (کێش) بە مەرجی بونیادی شیعر هەژمار دەکرێت. هەروەك دەشتی دەڵێ: ((کێش و پێوانەی دەنگ دەبنە بنەما بۆ بەرپابوونی جۆری یەکەمی ئاوازی شیعری)) {دەشتی، 2014: 69}. وا لە خوارەوە سەرنج بۆ هەندێك کۆپلە شیعر ڕادەکێشین، کە هیچ پێوانەیەکی کێشی لەبەر چاو نەگرتووە.

بۆ نموونە لەشیعری(پەرداخێك ژن و پیاوی قەمبوور) {لا: 36}. دەڵێ:

ئەو ماینەی مێیاتی خۆی
لەسەر چاکی دانا
ئەو قەمبوورەی خۆی
لە قوڵغ فڕێ دا
هەروەها گا
لا
پەرداخێك پیاوی قەمبووری
لەدەست شکا
قەمبوور خۆی
لەسەر چاکی دانا
ماینی ناو قوڵغ
مووی قەمبووری دا گا
لا گالا
گالا
گالا
گالا

دەبینین سەراپای شیعرەکە هیچ کێشێکی نە عەرووزی نە کێشی خۆماڵی تێدا بەرجەستەنەکراوە.

کۆتاییەکەشی بە هەمان ئەو کۆپلەیەی سەرەتا دەست پێدەکات لە( ئەو ماینەی مێیاتی خۆی لەسەر چاکی دانا) ئەمەش جۆرێکە لە تەرجیع بەندی هاوچەرخ کە کۆپلەیەکی ئەوەندە درێژ تەرجیع کراوە، باری شیعری گران کردووە، نەك جوانی کردبێ .

### 3.1.3 تێکدانی سەروا:

سەروا سیستەمێکی بونیادی مۆسیقای دەرەوەی شیعرە، ڕۆڵی سەروا لە شیعری کلاسیکیدا هیچی کەمتر نییە لە (کێش) بۆ تەواومەندی مۆسیقای شیعری، سەروا چێژێکی بە ئاواز و هاوئاهەنگی لە کاتی گۆکردندا بە بیسەر دەبەخشێت. سوجادی دەڵێ: ((سەروا دارشتنی دێرەکان بە جۆرێك رێکدەخا، کە لە رووی ئاوازەوە سەروادارین)) {سوجادی، 1970: 103-104}.

بۆ زیاتر ئاشنابوون، تیشکێك دەخەینە سەر هەندێك شیعر، بۆ نموونە لە شیعری (قەشەبارمەنەکان) {لا: 50}. دەڵێ:

لە ئاسنەکانی
گیا
گافرۆش
لە ئاسنەکانی
خوێ بوودا
قەشە بارمەنەکانی
گافرۆش ئاگریان
لە ئاسنەکانی
مانگ دزی

گافرۆش

مووی سپی لە ئاسنەکانی

ئاگر دزی

سەرنجدەدەین شاعیر وشەی بە ئارەزووی خۆی پاش و پێش کردیە، هیچ سەروایەك بەدی ناکرێت. هەروەها لە دواین کۆپلەی شیعرەکەشدا دەڵێ:

لە ئاسنەکانی خوێ

دزی قەشە

بارمەنەکانی

گافرۆش

ئاسنەکانی خوێیان

لە ئاسنەکانی

گیا دزی

گاتا لە ئاسنەکانی

خوێ گاتا

لە ئاسنەکانی گیا

بووداکان کەونیان

بە ئاسنەکانی

گیا دادا

دیسان بە هەمان شێوەی پێشوو، ئاشکرا و ڕوونە بە هیچ شێوەیەك پابەندی سەروا نەبووە و وشەکانیش هەموویان بە ڕەمەکی ڕیزکراون.

### 3.1.4 کوشتنی پەیام:

مەبەست و واتا مەرجی بنەڕەتی و بونیادی شیعرن، شیعر ئەگەر ئامانجێکی دیار و ڕوونی نەبێت ئەنجام و دەرکەوتەکان ناپێکێ، دەبێتە هۆی تەمومژ و هیچ سوود و چێژێك نابەخشێت، چجای بە لاڕێدابردن و سەرلێشێواندنی بیسەر و خوێنەریش. کە سەرنج دەدەینە ئەم دیوانەی مەسیفی دەبینین زۆربەی شیعرەکان هیچ پەیامێکی ئەدەبیان تێدا نییە، بەڵکو ئامانج و پەیامەکە لە دەرەوەی ئەدەبە، هەڵبەت ئەمەش هەروەك ڕێبازی دادایزمەکانە. بەڵام کە سەیری ئەدەبی کلاسیکی، یاخود ئەدەبی کۆن، یان ئەدەبی نوێ دەکەین لێوانلێوە لە مەبەست و پەیامی دروست و ڕوون و دیاری شیعریی.

بۆ نموونە لە ئەدەبی کلاسیك ویژەوانی ناوداری کورد(نالی) {نالی، 1976: 57}. دەڵێ:

وەی کەڕوو زەردی مەدینە و ڕوو سیاهی مەککە خۆم

دەرکرا و دەربەدەر، یاڕەب دەخیلی عەفوی تۆم

دەفتەری ئەعمالی من بێ قەترەیێکی ڕەحمەتت

کەی بەسەد زەمزەم سیاهی نوقتەیێکی لێ دەشۆم

کەعبە ئیشراقی وەکو خورشیدە، من چاوم زەعیف

لێم بووە ڕۆشن کە: بوعدی قوربە، قوربی بوعدە بۆم

پەیامەکە زۆر ئاشکرایە، شاعیر بە ڕوونی پێمان دەڵێ ڕوو زەردی مەدینەم، ڕووزەردیش لە باری ترسدا لە بەرامبەر کەسێکی دیاریکراودا دروست دەبێت کە ئەویش پەیامهێنی خودایە(درورد و سڵاوی خودای لەسەر).. لەولاوەش ڕووسیاهی مەککە خۆم!! ڕووسیاهیش بارێکی دیکەی دەروونییە، لە بەرامبەر یەکێك خەڵك ڕووڕەش دەبێ، کە وادەیەکی پێ دابێ و وادەکەی شکاندبێ، ئامانج و پەیامەکە زۆر ئاشکرایە، ئەویش پەیامی بەندایەتی و خوداناسییە، پەشیمان بوونەوەیە بەرامبەر بە خودا و پێغەمبەر (درووود و سڵاوی خودای لەسەر). ئەمە و سەدان نموونەی دیکە لە شیعری کۆندا بەرچاو دەکەون، کە لە ناواخنیاندا مانایەکی زۆر و واتادار بەرجەستەکراوە.

لە ئەدەبی نوێش لە ڕووی پەیامەوە پڕاوپڕە لە نموونەی بەرچاو، کە تەژینە لە وێنەی جوان و ماناو مەبەستی شیعری. بۆ نموونە شاعیری ناودار کامەران موکری لە شیعری (ئەستێرە و مەل و خەزان) {موکری، 2011: 75}. دەڵێ:

ئەو گوڵەی خەزان وەرانی و نەمرد!

ئەو دڵەی ناسۆر لە هیوای نەکرد!

ئەو پریشکانەی دامردنەوە،

بەڵام هەمدیسان گڕیان گرتەوە!!

ئەو ئەستێرەیەی کشا بۆ ناوچەم

لەسەرە مەرگا خەندەی لەسەر دەم!!

ئەو مەلەی بای وەشت، باڵی هەڵوەران

لە بەستە وتن نەکەوت لە ئاسمان

وان لەناو دڵی منا میوانن

چونکە نموونەی قەت کۆڵ نەدانن

ماناکەی زۆر ئاشکرایە، واتە: ئادەمیزاد دووچاری زۆر ئازار و مەینەتییەکانی ژیان دەبێت، بەڵام بەوە سەرکەوتوو دەبێ کە گیانی بەرەنگاربوونەوەی تیا بێت و کۆڵنەدەر و خۆڕاگربێت، ئارامگرتن و پشوودرێژی دەبێ تا دوا هەناسەی ژیان بێتە پیشەی، هەڵبەت کێشە و گرفت و چەرمەسەرییەکانی ژیان دووچاری گیاندا و بێ گیانیش دەبێ، بەڵام بۆ ئەوەی سەرکەوتووبی دەبێ بە گیانی ڕووبەڕووبوونەوە و کۆششکردنەوە بژی، مرۆڤی بوێر و خۆڕاگریش نموونەیەکی باڵایە بۆ بە هێماکردن و چاولێکردن. پەیامەکە ڕوون و دیارە..کە چەندین پەند و وانە و نەخشەڕێگای ژیانی لە خۆگرتووە.

بەڵام پەیام لە شیعرەکانی دیوانی شەیتاندا ناڕوون و شاراوەیە..هیچ جۆرە واتا و ئاماژە و دەلالەتێك بەدەستەوە نادەن.. بۆ نموونە لەشیعری (کافرشا) {لا: 70-72}. دەڵێ:

قەبرە قەمبوورەکانی لەشکری

قەمبوورم بە تەمبوور دا

لە پاشان تەمبوورم

بۆ ئەو پەیکەرانەی

ژنیان لەناو بادەدا لێدا

قەبرە قەمبوورەکانی

لەشکری قەمبوورم

بە تەمبوور دا

لە پاشان تەمبوورم

بۆ کافرشا لێدا

گۆرانیبێژە بتەکانی کافرشا

قەبرە قەمبوورەکانی

لەشکری قەمبووریان

له گا نا..

هەروەك ئاشكرایە، دەبینین سەراپای شیعرەكە هیچ پەیامێكی دروستی لە ناوەرۆك و ناوەوەیدا بەرجەستە نەبووە، بەڵكو تەنیا وشە و ڕستەی دووبارەی بێ واتاو مەبەست و ڕووت دووبارە و سێبارە كراوەتەوە.

لە نموونەیەكی دیكەدا لە شیعری (گیا لە گیا) {لا: 68} دەڵێ:

گیا لە گیا

درەختی پەلك

ئایین لە

درەختی

پەلك

ئایین

ئەو كاهینەی لەناو

ئاسنان گیای دەدا

قەمبووری لەناو

درەختی پەلك

ئایین شاردەوە

ئەو كاهیتەی

تەمبووری لەناو

ئاسنان لێدەدا

گیای لەناو

گا شاردەوە

گیا لە گیا

هەمدیسان هەروەك شیعری پێشوو هیچ پەیامێك و مەبەستێكی شیعری پێشكەش ناكا، واتا ناڕوونە و مانا و پەیامی نییە. لە نموونەیەكی دیكەدا لەشیعری(كەسك) {لا: 78} دەڵێ:

دۆلفینەكانی كاهینی ئاگر

ژنە شیرەكانی

قەمبووری ئالی

قەمبووری ئالی جل و بەرگی

هاوێشتە مانگ

مانگ لە كاهینی

ئاگر دەدا

مانگ

مانگی

قەمبووری

ئالی

لە

دۆلفینەكانی

كاهینی

ئاگر

ئەم شیعرەش هیچ ئامانج و واتایەكی ڕوونی نییە، تەنیا هەندێ وشەی بە ئارەزووی خۆی ڕیزكردووە، ڕیزكردنەكەش مەرجەكانی ڕستەسازی و وشەسازیشی بەزاندووە، چجای ئەوەش هیچ پەیامێكی لە خۆنەگرتووە. لە كۆتاییدا گەیشتینە ئەوەی كە ئەم شیعرانە لە ناواخنیاندا هیچ جۆرە پەیامێك و ئامانجێكی ڕوونیان نییە، بەڵام پەیام لە دەرەوەی تێكستەكەیە و لە دەرەوەی ئەو فەوزا زمانیەی پێی درووست بووە، بۆیە شاعیر پێمان دەڵێ هەموو دونیا پاشاگەردانی و بێ سەروبەرە و فەوزایە، پێویست ناكاش ئێوە بە دوای ئەدەبێكی ڕوون و ئاشكرا و چێژبەخش و ئاساییدا بگەڕێن.

### 3.1.5 ڕەخنەی كۆن:

ئەگەر لە ڕوانگەی ڕەخنەی كۆنەوە بڕوانینە ئەم شیعرانە دەبینین، بە هیچ كام لە پێوەری ڕەخنەی كۆن ئەم شیعرانە هیچ ڕواڵەتێكی جوانیان تێدا بەرجەستە نەبووە، سەراپای شیعرەكان داب و نەریت وعورفیان شكاندووە! شتانی دیكە دەڵێن كە پێچەوانەی باو و عورف و نەریتە. ڕەخنەی كۆن پەیامی ئایینی هەیە، بەڵام ئەم شیعرانە هیچ پەیامی ئایینزایی لە خۆ نەگرتووە، لە ڕەخنەی كۆندا پەیامی پەروەردەیی ئاراستەكراو بە ئاشكرا بەدی دەكرێت، كەچی لەم شیعرانە ئەم پەیامە بەدی ناكرێت، پێوەرەكانی ڕەخنەی كۆن لێوانلێوە لە بەلاغەت و زمان پاراوی، چجای مۆسیقای شیعری كە لە ڕەخنەی كۆندا مۆسیقایەكی خۆش و خاوەن ڕیتم و سەدا بەدی دەكرێ، كەچی لەم شیعرانە ئەوانەی ئاماژەیان پێكرا نیانە. لە كۆتاییدا سەرنج دەدەین لە نێو ئەم شیعرانەدا گرنگی نە بە مێژووی نەتەوە و ڕابردوو دراوە، نەگرنگی بە كولتوور و فیكری ئەدەبی و فۆلكلۆر و ڕەسەنایەتی دراوە، بە هیچ شێوەیەك ڕەچاوی بیروباوەڕ و دابی كۆمەڵایەتی لەبەر چاو نەگرتووە، بەڵكو لە دەرەوەی ئەدەب دەیەوێ پێمان بڵێ دونیا وێرانەیە و فەوزایە و كەس بە كەس نییە، ڕەشبینی و بێ هیواییەكی تەواو سەرجەم شیعرەكانی داگیركردووە.

## 4. ئەنجام

1- فۆرمی گران جۆرێك شیعری بەرهەمهێناوە جەمالیەتی لە ڕوانینە هاوچەرخەكان وەرگرتووە، ئەویش گەیاندنی پەیامێك كە زمان بە ڕاستەوخۆیی نایخاتەڕوو

2- لە بەرهەمەكانی فۆرمی گران، شیعر بە ئاقارێكی دیكەدا چوو كە پێكهاتەی سینتاكسی ڕستە گۆڕانی بەسەر دابێ، شیعر بە شێوەیەكی نامەئلوف زمانێكی نوێ بۆخۆی دروست بكات، كە بیسەر ئولفەتی بەم جۆرە زمانە نەگرتووە ناتوانی تێی بگات.

3- فۆرمی گران ئەو جۆرە شیعرەی بەلاوە گرنگە كە خاڵی بێ لە پەیام، خاڵی بێ لە مۆسیقا، خاڵی بێ لە جوانی، وەكو ئاراستە ڕەخنەییەكانی پێشوو بە تایبەتی جەختی لەسەر دەكاتەوە.

4- ئەنوەر مەسیفی یەكێكە لە دیارترین شاعیرانی دادایزم، كە لە زۆرێك لە شاعیرانی كورد زیاتر هاتووە دید و فەلسەفەی پوچگەرایی دادایەكان لە شیعرەكانی خۆیدا بەرجەستە بكات، لەوەشدا زۆر بەباشی سەركەوتووە.

## 5. لیستی سەرچاوەكان

### یەكەم: كتێب بە زمانی كوردی

ئەنوەر مەسیفی، دیوانی شەیتان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2005.

عەزیز گەردی(د)، كێشی شیعری كلاسیكی كوردی و بەراوردكردن لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و

کێشی شیعری فارسیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشبیری، هەولێر، 1999.

عەلائەدین سوجادی، نرخشناسی، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، 1970.

عوسمان حەمەد دەشتی(د)، لە بارەی بنیاتی زمان و شێوازی شیعری، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، 2014.

عەبدولقادر حەمەئەمین محەمەد(د)، ئەدەب و رێبازەکانی ئەوروپی- کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، 2012.

فەرهاد پیربال(د)، رێبازە ئەدەبییەکان: ئامادەکرن و وەرگێرانی لە فەرەنسییەوە، دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، 2004.

مەلا خدری کوڕی ئەحمەدی شاوەیسی مکایەلی(دیوانی نالی)، لێکدانەوە: مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتح عەبدولکەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، 1976.

هیمداد حوسێن(د)، رێبازە ئەدەبییەکان، چاپخانەی دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، 2007.

کامەران موکری (دیوان)، سەرپەرشتی: حوسێن بەفرین، چاپی یەکەم، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، 2011.

**دووەم:کتێب بە زمانی عەرەبی**

عزالدين اسماعيل(د)، الادب و فنونه، دراسه و نقد، الطبعه الاولى، دار الفكر العربي، 1967.

سالم احمد الحمداني(د)، مذاهب الادب الغربي، مطبعه وزاره التعليم العالي و البحث العلمي، الموصل، 1989.

فائق مصطفى(د)، عبدالرحمن رضا علي(د)، في النقد الادبي الحديث، منطلقات و تطبيقات، طبع في المطابع التعليم العالي، جامعه الموصل، 1989.

**سێیەم: کتێب بە زمانی فارسی**

رضا سيد حسيني، مکتبهای ادبی، جلد اول و دوم، مؤسسه انتشارات نگاه، چاپی یازدەم، تهران، 1381.

**چوارەم: گۆڤار بە زمانی کوردی**

تەلعەت تاهیر، گۆڤاری شین کۆوارێکی مانگانەی ئەدەبیاتی نوێخوازییە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی دەزگای ئاراس، هەولێر، 2005

فەرهاد پیربال(د)، گۆڤاری شین کۆوارێکی مانگانەی ئەدەبیاتی نوێخوازییە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی دەزگای ئاراس، هەولێر، 2005